# سەرمایەداری وەک ئایین

د. بەیان کەریی
(بانە)

**پوختە**

ئەم وتارەی بەردەست شیکردنەوە و تاووتوی کورتە وتارێکی (والتەر بنیامین)ە لە ژێر ناوی "سەرمایەداری وەک ئایین" کە ساڵی ١٩٢١ لە لایەن ئەم بیریارەوە نووسراوە، پاشان لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٨٠ لە ناو کۆی بەرهەمەکانیدا چاپ کراوە. بنیامین لەم وتارەدا سەرەتا لە لێکچوویی خەسڵەتە هاوتەریبەکانی سەرمایەداری و ئایین دەدوێ، پاشان جۆرێک جیاوازی لە سەرمایەداریدا ڕەچاو دەکات کە دەبێتە هۆی ئەوەی وەک ئایینێکی نوێباو پێناسە بکرێت. ئەم وتارە هەر لە سەرەتاوە بە گوزارەگەلێکی ڕەخنەئامێز هەمبەر بە بۆچوونەکانی ماکس ڤیبەر دەست پێدەکات. بە نەرینی بنیامین بۆ ئەوەی لە بنچینە و چییەتی سەرمایەداری بە باشی تێ بگەین بە تەنیا ئەو بنەما بەڵگەنەویستەی ڤیبەر تەواو و بڕاوە نییە کە پێی وایە ئایین جۆرێک لە سەرمایەداری لە دڵی خۆیدا ساز دەکات، بەڵکو خاڵی گرنگ ئەوەیە کە سەرمایەداری خۆی ئایینێکی نوێباو و تازەیە، واتە سەرمایەداری جۆرێک ئایینی نوێیە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە لە سەر هەندێک توخم و ماکە، هاوشێوەی ئایینە پیرۆزەکانە، بەڵام لە کۆتاییدا بە چەشنێ خۆی دەنوێنێ کە خاوەن هیچ ڕەحم و بەزەیی و واتای خەیاڵی و ناوەکییەک نییە و زۆرتر هۆگری بابەتی دەرەکی و بەرهەستە، جگە لەوەش تەنیا ئایینێکە کە حەز بە دەرباز بوونی مرۆڤ لە چەمکگەلی تاوان و گوناح دەکات و بۆ یەکەم جار تاوان لێرەدا بەڵگەدار و ڕێگەپێدراو دەکرێت و سیستەمی سەرمایەداری خوای خۆی لە سەر کۆڵەکەی تاوان دادەمەزرێنێ. یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی ئەم ئایینە نوێیە ئەوەیە کە تێیدا بە



**والتەر بنیامین**

پێچەوانەی ئایینەکانی تر ئەوەی مرۆڤی تووشی نامۆبوون لە خۆکرد چیدی خودا و خوداناسی نییە، بەڵکو کارکردن و پرۆسەی کارکردن لە سیستمی سەرمایەداریدایە و هەر لەو سۆنگەیەوە بنەرەتی ئۆنتۆلۆژیکی سیستمی سەرمایەداریمان بۆ دەردەکەوێت، واتە "ئەگەر کارت هەبێ بوونت هەیە". ئەم کورتە وتارەی والتەر بنیامین لە زمانی کوردیدا نەناسراوە، تەنانەت لە زمانی فارسیشدا هیچ شرۆڤەیەکی تایبەتی بۆ نەکراوە. ئەم مژارە بۆ چاخی ئێستا کە پتر لە هەموو سەدەیەک سەرمایەداری تێیدا لە خۆ نامۆیی و کۆیلەیەتی مرۆڤەکانی لە هەگبەی سیستمەکەیدا هەڵگرتووە و واتایەکی خواوەندی بە کالا بەخشیوە، داگری هەڵوێست و گرنگی و تێگەیشتنی تایبەتە، هەروەها هەڵگری ڕاڤە و تاووتو و ڕوونکردنەوەیەکی نوێیە. بەو مەبەستە هەوڵ دەدەم کۆی ناوەرۆک و مژارەکانی بخەمە بەرچاوی خوێنەر. جێگای ئاماژەیە کە کۆڵەکەی نووسینی ئەم وتارەی بەردەست لەسەر وتارەکەی بنیامینە کە سەرەتا بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە و دواتر لە ژێر ناوی "Capitalism as religion" لە لایەن "رادنی لیوینگستون" لە بەرگی یەکەمی بەشێک لە نووسراوە هەڵبژاردەکانی والتەر بنیامین بە ئینگلیزی چاپ کراوە. پێش ناساندن، تاووتو و شرۆڤەکردنی وتاری بنیامین کورتە باسێک لە سەر قوتابخانەی فرانکفۆرت، هەروەها ماکەکانی سیستمی هزری بنیامین ئاراستە دەکەین.

## قوتابخانەی فرانکفۆرت: فەلسەفە وەک تیورییەکی ڕەخنەیی

قوتابخانەی فرانکفۆرت کە لە سەرەتاوە وەک بزاڤی تیوری ڕەخنەیی ناسراوە، بزاڤێکی فەلسەفی و کۆمەڵناسی بوو کە بە ئامانجی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتە و کۆمەڵگای سەرمایەداری پێکهات. ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بریتی بوون لە هەندێک لە بیریاران و لێکۆڵەرانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی، هەروەها ڕەخنەگرانی کولتووری کە ڕەخنەیان لە تیورییە مارکسیستییەکان دەگرت، بە تایبەت ڕەخنە لە لایەنی قەدەرگەرێتی و دێتێرمێنیزمی ئابووری مارکسیستەکان کە بە هۆی جەختی زێدەڕەوانە و پەرگرانە لە بوار و ئاقاری ئابووری، لە لایەن و ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی وەک بواری کولتوور، کەمتەرخەم و بەهێندنەگر بوون. قوتابخانەی تیوری ڕەخنەیی ئەگەرچی لە سەرەتاوە مارکسیسمی ئۆرتۆدۆکسیان وەک جۆرێک لە وشکەبڕوایی و دۆگماتیزم ڕەت دەکردەوە، بەڵام بە شێوازێکی وردبینانە تێدەکۆشان هەر لە سەر ئەو بنەمایەی مارکس بڕۆنە پێشەوە کە تێیدا فەلسەفەی ئەخلاق جێگای خۆی بە ڕەخنەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دەدا، هەر بەو هۆکارەش دەستیان بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی مارکس کرد لە سەردەمی گەنجیدا، بە تایبەتی سوودیان لە "دەستنووسەکانی پاریس" وەردەگرت کە ماوەیەکی کورت بوو دۆزرابوونەوە. ئەم نەرینەشیان بە مەبەستی دژایەتیکردنی بەرهەمەکانی دواتری مارکس و خوێندنەوەیەکی نادۆگماتیزمی فەلسەفی بۆ بەرهەمەکانی مارکس ئاراستە کرد.

بە بڕوای بیریارانی ئەم قوتابخانەیە، تیوری کولتوور، تیورییەکی ڕەخنەئامێزە کە بۆ خوێندنەوە و تاووتوکردن و شرۆڤەی کولتووری زاڵ بە سەر کۆمەڵگای سەرمایەداریدا خاوەنی باشترین پێگەیە. واتای شرۆڤەی ڕەخنەگرانەی کولتوور ئەوەیە کە کولتووری زاڵی سەرمایەداری جیاوازییەکی لە ڕادەبەدەر و زۆری لەگەڵ کولتووری ڕەسەن و بنەچەدار هەیە. هەر بەو مەبەستەش ئەم

بیریارانە ڕەخنە لە بنەماکانی زانستە ئەزموونگەراکان دەگرن کە تێیدا چەمکگەلی پیشەسازی کولتووری، کولتووری جەماوەری، هەروەها ڕوانینێکی ناشیاو لە کۆمەڵگای مۆدێرن ئاراستە دەکات کە هیچ بەها و بایەخێک بۆ ئازادی تاک وەک یەکێک لە گرنگترین ئارمانج و ئارمانەکانی هیومانیزم دانانێ. قوتابخانەی تیوری ڕەخنەیی بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێک لە چەمکگەلی ڕامیاری و ئابووری لە فەلسەفەی مارکس، بۆچوون و لێکدانەوەیەکی جیاواز و نوێیان ئاراستە کرد. ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە ڕوانینە بە جۆرێک گۆڕینی بەستێنی زاڵمانەی زاڵی سەرمایەداری بە سەر کۆمەڵگادا هەبوو و لەم ڕێگایەوە جەختیان لە مژاری ڕزگاری مرۆڤ و پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی عەقلانی دەکرد کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤی سەردەم بێت.

هەندێک لە گرنگترین بیرمەندانی بەرەی یەکەمی تیوری ڕەخنەیی بریتین لە: ماکس هۆرکهایمەر (١٨٩٥-١٩٧٣)، تیۆدۆر ئادێرنۆ (١٩٠٣- ١٩٦٩)، هێربرت مارکۆزە (١٨٩٨- ١٩٦٩)، والتەر بنیامین (١٨٩٢-١٩٤٠)، فریدریک بلاخ (١٩٧٠- ١٨٩٤)، لیۆ لۆڤێنتاڵ (١٩٠٠- ١٩٩٣)، هەروەها ئێریک فرۆم (١٩٠٠- ١٩٨٠). بەشێک لەو بوار و ئاقارانە کە لە تیوری ڕەخنەییدا بۆ ڕاڤە و تاووتوکردنی کێشەکان بەکاردەهاتن بریتی بوون لە: فەلسەفە، کۆمەڵناسی، وێژە، هونەر، دەروونناسی، ئابووری و زانستە ڕامیارییەکان. هەڵبەت بوارگەلی دیش وەک جوانیناسی، واتاناسی و هێرمێنیۆتیک لە بەستێنی شرۆڤەی هزری ئەم بیریارانەدا خاوەن پێگەی تایبەتی خۆی بوو.

هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ئەم قوتابخانەی بناغەی لە سەر "تیوری ڕەخنەگریی کۆمەڵگا" دامەزراوە، واتە لە سەر ڕەخنە لە کۆمەڵگای هەبوو؛ بەڵام بەم مەبەستە گومان و هەدانی خستووەتە سەر سیستەمە مەعریفییەکان و ئامانجی سەرەکیشی لە سەر درکاندن و دەرخستن و ئاشکرا کردنی چییەتی و ناوەرۆکی ئەو جۆرە کۆمەڵگا و سیستمانە بوو. قوتابخانەی فرانکفۆرت کاتێک دامەزرا کە ماکس هۆرکهایمەرساڵی ١٩٢٠ وەک سەرۆکی بەشی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە ئەنیستیتۆی کۆمەڵایەتی لە فرانکفۆرت هەڵبژێردرا. سەرچاوە سەرەکییەکان کە کارتێکردنی ڕاستەوخۆیان لە سەر ئەم قوتابخانەیە داناوە، بریتین لە بیریارانی ئایدیالیزمی ئەڵمانی، واتە کانت و هیگڵ، هەروەها بیرمەندگەلێک وەک مارکس، ڤیبەر و فرۆید، بەڵام بە گشتی دەتوانین کارتێکردنی ئەرێنی و نەرێنی هزری سێ کوچکەی ڤیبەر- مارکس- فرۆید لە سەر دامەزرانی قۆتابخانەی فرانکفۆرت ئاشکراتر و بەرچاوتر لە ڕوانگەکانی دیکە ڕەچاو بکەین، کە ئەو توخمانە بریتین لە: یەکەم تیوری ئایدیۆلۆژی سەرکوتکەر و چەوسێنەرانەی سەرمایەداری لە سیستمی فەلسەفەی مارکس. دووەم پێداگری و لایەنگری ڤیبەر لە زانستی مۆدێرن و لە کۆتاییدا ئەم ڕوانگەی فرۆید کە پێی وایە سیستمی کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەرکوتکردنی ڕەهەند و لایەنی ڕەوانی مرۆڤەکاندا هەیە. دەتوانین سەرەکیترین ڕەخنەگەلی ئەم مەکتەبە لە چەند خاڵدا پۆلێن بکەین کە بریتین لە: ڕەخنە لە تیوری مارکسیستی، ڕەخنە لەپۆزێتیڤیستەکان، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆمەڵناسی نەریتخواز، هەروەها ڕەخنە لە کولتووری پیشەسازی. ڕوانگەی ڕەخنەیی ئەم مەکتەبە زیاتر ڕەخنە لە سەر لایەن و ڕەهەندگەلی جیاوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و هزری سەدەی نوێ، بە تایبەت سیستمی سەرمایەداری بوو. لێرەدا بە شێوازێکی وردبینانە هەوڵ دەدەین نەرێنی ڕەخنەئامێزانەی ئەم قوتابخانەیە لە چوار خاڵدا پۆلێن بکەین:

**١- ڕەخنە لە تیورییە مارکسیستییەکان:** بیریارانی ئەم قوتابخانەیە خۆیان لە هزری مێژوویی و کۆمەڵایەتی مارکس دوور خستەوە. لە سۆنگەی هزری ئەم بیریارانەوە دەبێ مارکسیستەکان جگە لە گرنگیدان بە مژاری ئابووری بایەخ بە لایەن و ڕەهەندگەلی تری کۆمەڵایەتی، بە تایبەت کولتوور بدەن. هەر بە هۆی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەی کە لە شێوازی بیرکردنەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا سەری هەڵدا، لە بابەتە ماکیبیەکانەوە بەرەو مژاری کولتوور پەلکێشیان کرد. بە گشتی ئامانجی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەمەیە کە بەها و بایەخ و جەختی بنەڕەتی بە بواری کولتووری و بەرزەین بدات، بەو مەبەستەی کە نەبوونی هاوسەنگی و هاوکێشی نێوان لایەنە ئابوورییەکانی مارکسیسم لەگەڵ لایەنە لە بیرکراوەکانی تر لە لایەن ئەوانەوە قەرەبوو و چارەسەر

بکرێت. جەختی سەرەکی مارکس لە سیستەمی فەلسەفەی خۆیدا لە سەر ئابووری و شێوازی دابینکردنی بژێوی ژیان بوو و لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە شێوازی دابین کردنی بژێوی ژیان لە کۆمەڵگادا هەستی و هەبوونی مرۆڤ ڕەچاو دەکات، هەر بۆیەش دەسەڵاتی ئابووری مژارێکی زۆ گرنگی فەلسەفەی ئەو بوو، بەڵام لایەنگرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت سەرەڕای بەهادان بەم بۆچوونەی مارکس باسیان لە دەسەڵاتی کولتووری دەکرد. فەلسەفەی هیگڵ کارتێکردنی ئەرێنی لەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرت بووە. لەو سۆنگەیەوە کە هیگڵ بە پێچەوانەی مارکس پێکهاتەی جیهانی نەک لە بابەتە ماکییەکان، بەڵکو لە چەمکگەلی مینۆکی و بەرزەین ڕەچاو دەکرد.

**٢- ڕەخنە لە پۆزێتیڤیستەکان:** پۆزێتیڤیستەکان لەو بڕوایەدا بوون کە یەک ڕێبازی زانستی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی جیهان و مرۆڤ بوونی هەیە کە بۆ تەواوی بوارە زانستییەکانی تر تەواو و بڕاوەیە. بە واتایەکی دی لای لایەنگران و بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە، زانستە ئەزموونگەراکان پێوەری سەرنجدان و تێڕوانین بۆ گشت بوارەکانی دی ناوزەد دەکرێت. بە بڕوای بیریارانی قوتابخانەی ڕەخنەگری، پۆزێتیڤیستەکان لایەنگری لە بە ئۆبژە کردنی کۆمەڵگا دەکەن و لە ژێر کارتێکردنی هێزە سروشتییەکان مرۆڤەکان وەک بوونەوەرگەلێکی کۆیلە و پەککەوتە سەیر دەکات، هەر بۆیەش ئەم جۆرە ڕوانینە بووەتە هۆکاری هەڵایسانی ئایدیۆلۆژی تەکنۆکراتیک کە یارمەتی پەرەپێدانی سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوتووی داوە. لە تیوری ڕەخنەییدا لە جێگای بایەخدانی تەنیا بە مژارە ماکی و ئۆبژێکتیڤەکان، زانستە ئەزموونگەراکان و ڕێبازە ئامارییەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، هەوڵ دەدات بە شیکردنەوەی بناغەیی کێشەی شارەکان، هەست بە گیروگرفتەکانیان بکات و هەوڵ دەدات بەستێنی مرۆڤی نوێ دوور لە کێشەی جیهانی مۆدێرن و پیشەسازی بنیاد بنێت. ئەو جۆرە ڕوانینەی پۆزێتیڤیستەکان مرۆڤ لە خۆ و سروشت نامۆ دەکات و بۆ ئاستی کاڵا بوون دایدەبەزێنێت و بەم شێوازەش بووەتە هۆکاری لە بەین بردنی ئارمانجەکانی ڕۆشنگەری.

**٣- ڕەخنە لە کۆمەڵناسی نەریتخواز:** لە سۆنگەی هزری ئەم بیریارانەوە، کۆمەڵناسە نەریتخوازەکان بە شێوازێکی قایمکارانە و خۆپارێزانە لایەنگریان لە بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی نەریتخوازانە دەکرد، هەروەها ئەو دۆخە باو و کۆنەیان پشتڕاست دەکردەوە و دژی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک دەوەستان. تیوری ڕەخنەیی بە پێچەوانەوە هەوڵی دەدا بە شێوازێکی وردبینانە و نوێباوانە شرۆڤەی کۆمەڵگا بکات و بە شوێن گۆڕانکاری بارودۆخەکە و بەدەستهێنانی دەسکەوتی ئەرێنی بۆ مرۆڤی سەردەم بوو. کۆمەڵناسی فەرمی و نەریتی بە لایەنگری و جەختی زێدەڕۆیانەیەوە لە سەر بارودۆخی "هەبوو"، لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەو بارودۆخەی قبووڵ دەکرد و ڕەخنەی لە بارودۆخی کۆمەڵگا نەدەگرت و هیچ تێکۆشان و زەبرێکی بۆ گەشە کردن و بردنە سەرەوەی بەستێنی کۆمەڵایەتی کولتووری "هەبوو" نەدەکرد. ئامانجی سەرەکی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، کولتووری کۆن، جەختی زێدەڕۆیانە لەسەر زانستی مۆدێرن و بە گشتی سیستەمی زاڵی کۆمەڵگا بوو.

**٤- ڕەخنە لە پیشەسازیی کولتووری:** بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕەخنەگەلێکی گرنگ لە سەر پیشەسازیی کولتووری ئاراستە دەکەن، ئەم قوتابخانەیە لە چەمکی پیشەسازیی کولتووریدا ڕەخنە لە ڕاگەیاندنی گشتی و کولتووری جەماوەری دەگرێت و ڕێڕەوانی پێیان وایە سینەما و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان و گۆڤارەکان جۆرێک لە کاڵای کولتووری بەرهەم دەهێنن کە مەبەستیان یاریکردنە بە کۆمەڵگا و ڕاکێشانیەتی بەرەو دابڕاوێتی. ئەم جۆرە کولتوورە، پێداویستییە دەروونییەکان مسۆگەر و دابین ناکات، بەڵکو هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئەم هونەرە بەرزانەی خاوەن جەوهەرییەتی هزرین و ڕاستییەکەی پێداویستییە دەروونییە ڕاستەقینەکان کە بریتین لە ئازادی، داهێنان و بەختەوەری ڕاستەقینە، چەواشە دەکات.

### ماکەکانی هزری واڵتەر بنیامین

واڵتەر بنیامین بیریاری ئەڵمانی یەکێک لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە، هەروەها لە بەرەی یەکەمی بیریارانی تیوری ڕەخنەیی دێتە ئەژمار. بنیامین سەرەتا

له بەرلین فەلسەفەی خوێندووە، پاشان بەرەو بوارەکانی تریش وەک هونەر، هەروەها وێژە ڕاگوێزراوە. لە دەیەکانی ١٩٢٠دا بە هۆی بە دەست نەهێنانی کورسی زانکۆ دەستی بە نووسینی وتار و کتێب و ئیشی وەرگێڕان کردووە. بنیامین هەر بەو ڕادەیەی کە بیریارێکی ڕەخنەگری بواری کولتوور و جوانیناسییە، هەروەها بە هۆی ڕوانگە ناوازەکانی سەبارەت بە تیوری کۆمەڵایەتیشەوە پێگە و جێگەی بەرچاوی هەیە. گرنگی بەرهەم و وتارەکانی بنیامین لەمەدایە کە هەستیاری زۆرتری سەبارەت بە کولتوور نیشان داوە کە پتر و باشتر لە بیریارانی تر بووەتە هۆکاری ئەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بناسرێت و سەرکەوتووتر دەرکەوێت.

بنیامین ڕوانگەیەکی ڕەخنەئامێزی سەبارەت بە مۆدێرنیتە، بە تایبەت تەکنۆلۆژی و سەرمایەداریی پێشکەوتوو بووە؛ ڕوانگە و نەرینەکانی ئەم بیریارە ڕێگەی بۆ بیریارەکانی دی قوتابخانەی فرانکفۆرت خۆش کردووە. یەکێک لە گرنگترین ماکەکانی هزری بەرجەستەی بنیامین لەم خاڵەدایە کە ئەم بیریارە بەردەوام لە دابەزینی ئاستی مرۆڤەکان لە چەشنی ئامێر و کەرەستەی کار، هەروەها لە دابەزینی بەها و بایەخی کارەکان تا ئاستی نزمی لایەنی هونەری ئەوان، ڕەخنەی جددی دەگرێت. جگە لەوەش باوەڕی بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لە قۆناغی سەرمایەداری نەبوو و بڕوای وابوو کە وزە و هێزی تەکنۆلۆژی لەگەڵ پاڵاوتنی ئەخلاقی پێوەندییەکی تەبا و یەکگرتووی نییە. ئەو پێی وابوو کە دەبێ شۆڕشێک بۆ بەرەنگاری، یان لانی کەم زاڵ بوون و بەستنەوەی ئەم دۆخە، واتە پێشکەوتنی سامناک و ترسناکی سەرمایەداریی پێشکەوتوو بەرپا بکرێت. بۆچوونی سەرەکی بنیامین ئەمەیە کە شار لە جیهانی سەرمایەداریدا شوێنێکە کە تێیدا "غەوارەکان"، "ڕواڵەتەکان"، هەروەها "کاڵاکان" دەبنە بەشێکی ناوەندی و بەرزەین و بە شێوازگەلێکی نوێباو و سەرسوڕهێنەر دەردەکەون. لە سۆنگەی هزری ئەم بیریارەوەیە کە سیستەمی سەرمایەداری بووەتە هۆکاری ئەوەی کە بابەت و مژاری مینۆکی پێگە و بایەخ و بەهای خۆی لە دەست بدات و بەهاکان هەموو بەرەو بەها ماکی و ماددییەکان ڕوو لە پەرە و گەشەدا بن، ئەمەش تەنگژەیەکی جددییە و مرۆڤ تووشی سەرلێشێواوی و پەرۆشییەکی لە ڕادەبەدەر کردووە. سیستەمی سەرمایەداری، تاک لە خۆ نامۆ دەکات، لە بەر ئەوەی بەدیهاتنی ویستە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دژوار دەکات، وەک ویستی کاری داهێنەرانە، ویستی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تر، ویستی جێگیربوون، ویستی هەبوونی شوناسی کەسێتی، ویستی تێگەیشتن و ویست و داخوازی هەموو توخمەکانی هیومانیزم.

## چۆناوچۆن سەرمایەداری دەبێ بە ئایین؟

والتەر بنیامین وتارێکی کورت و ناتەواوی بەناونیشانی "سەرمایەداری وەک ئایین" هەیە کە لە چوار لاپەڕە پێکهاتووە، ئەم وتارە بە هۆی ناوئاخنێکی دژوار، ئاڵۆز، لێکدژ، هەروەها پچڕ پچڕ خاوەن لێکدانەوەیەکی فرە ڕەهەند و فرە توێیە و پێویستە بە شێوازێکی وردبینانەوە تاووتو بکرێ، هەروەها داگری هەڵوێست و پێگە و بەهای تایبەتی خۆیەتی و دەتوانین بە یەکێک لە کاریگەرترین وتارەکانی بنیامین وەک خوێندنەوەیەکی نوێ دەربارەی سیستمی سەرمایەداری ناوزەدی بکەین. ئەم وتارە لە سەردەمی ژیانی بنیامیندا بڵاو نەبووەتەوە و چەندان دەیە دوای نووسینی، لە لایەن ڕۆڵف تێدمەن و هێرمان شۆپنهاوەرەوە چاپ بووە. بنیامین هەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا بە ئاماژە بە بۆچوونەکانی ماکس ڤیبەر دەربارەی سەرمایەداری دەست پێ دەکات کە لە کتێبی "ئەخلاقی پرۆتستانی و ڕوحی سەرمایەداریدا" تاووتوی کردووە. بنیامین لە دوو شوێندا باسی لە ڤیبەر کردووە، جارێک لە سەرەتاوە، پاشان لە بەشی پاشکۆ، یان هاوپێچی وتارەکەدا.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەمەیە کە ئەگەرچی ئەم وتارە تا ڕادەیەک هەر لە سەر باسەکەی ڤیبەر بۆ فام و تێگەیشتن و ڕاڤەی زۆرتری بناغە و بنەڕەتەکانی سیستەمی سەرمایەداری ئاراستە کراوە، بەڵام بە خوێندنەوەیەکی وردبینانە تێ دەگەین کە ئەم نووسراوەیە بە نەرینێکی ڕەخنەئامێزانە بە بۆچوونەکانی ڤیبەر دەست پێ دەکات و خاوەن مژارگەلێکی نوێ و گرنگی دیکەیە، هەر بۆیەش پاش ئاماژەکردن بە ناوەرۆکی وتارەکەی خۆی، باس لەوە دەکات کە بۆچوونێکی نوێتری لە ڤیبەر ئاراستە کردووە. بە بۆچوونی بنیامین بۆ سەلماندن و ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی ئایینی سەرمایەداری بە تەنیا نابێ باس لەم

بابەتە بکەین کە ئایین بارودۆخ و هەلومەرجی بۆ دروست کردن و لەدایکبوونی سەرمایەداری ڕەخساندووە، بەو شێوازە کە ڤیبەر باسی دەکرد، بەڵکو سەرمایەداری دەبێ لە بنەڕەتدا وەک دیاردەیەکی ئایینی پێناسە بکرێت، بۆیە ئەم جۆرە ڕوانینە لە بان-ڕووپەری ڕوانگەی ڤیبەر جێگای خۆی دەکاتەوە، ئەگەرچی نکوڵی لە کارتێکردنی هزری ڤیبەر لە سەر بنیامین لە هەمبەر بابەتی ئەم وتارە دیارە و باس لە سەر پێکهاتەی ئایینی سەرمایەداری لە هەندێک شوێندا خۆی دەنوێنێ، بەڵام بنیامین بە ڕوانگەیەکی جیاواز واتایەکی نوێ و هەمەلایەنە، هەروەها ڕەخنەگرانەتر و بنەڕەتییانەتر بەم مژارە دەبەخشێ.

وتارەکەی بنیامین بەم ڕستەیە دەست پێ دەکات کە دەکرێ لە دڵی سەرمایەداریدا چەشنێک لە ئایین بەدی بکەین کە لە بڕوای خۆیدا، ئامانجەکانی هەر ئەو ئامانجانەن کە ئایین پێشتر دەیپێکا؛ هەروەک ئایینەکانی تر سەرمایەداریش هاتووە هەموو دالغە و پەشۆکاوی و دڵەخورپە و نائومێدییەکانی مرۆڤ هێور بکاتەوە، ئەرکێک کە پێشتر ئایین ئالاهەڵگر و بەرپرسیاری بوو. بە نەرینی بنیامین بۆ سەلماندن و ناساندن و پۆلێنکردنی ناوەرۆکی سەرمایەداری تەنیا ئەو ڕوانینەی ڤیبەر تەواو و براوە نییە کە پێی وایە ئایین لە دڵی خۆیدا جۆرێک لە سەرمایەداری ساز دەکات، بەڵکو خاڵ و مژاری گرنگ ئەوەیە کە بڵێین سەرمایەداری خۆی ئایینێکی نوێباو و تازەیە. لەم کورتە وتارەدا زۆر بە کورتی باس لە نیتشە، مارکس، فرۆید و ڤیبەر دەکات، هەروەها لە بەشی پاشکۆشدا ئاماژە بە بیربارگەلێک وەک ئیرێش و سۆرێل و فۆکس دێتە گۆڕێ.

بنیامین بە گشتی خەسڵەتەکانی سیستمی سەرمایەداری وەک ئایینێکی نوێباو لە چوار خاڵدا پۆلێن دەکات: یەکەمین خەسڵەتی سیستمی سەرمایەداری لە ڕوانگەی بنیامین ئەوەیە کە وەک ئایینەکانی دی، ئایینێکی ئاماڵ- ئایینزایی و ئۆلییە و هەموو شتەکان تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ئەودا تاووتو دەکرێن، واتە یەکەمین خەسڵەتی گرنگ و بنەڕەتی ئایینی سەرمایەداری، تەنیا ملکەچ و لایەنگری ئایینزاییە، زۆر بەرفراوانتر لە هەر ئایینزایەکی دیکە کە تا ئێستا بوونی هەبووە. پێوەندی و لایەنگری لەم ئایینە لە سەر کۆڵەکەی جزمێکی تایبەت، یان خواناسی دروست نەبووە، بەڵکو بەرژەوەندی و سوودپەرستی تێدا بنەما و بنەڕەتی سەرەکییە. لەم سۆنگەیەوە سەرمایەداری ئایینێکی فرەڕەهەند و فرەلایەن و فرە توێییە، بە واتایەکی دی داهێنان بۆ بەرژەوەندی لە سەرمایە بە لایەنگرانی ئەم ئۆل و ئایینزایە واتا دەبەخشێ. لەم ئایینەدا چینی لایەنگران و ڕێڕەوان و بڕوادارانی تایبەت بە خۆی بوونیان هەیە، مژاری هاوبەش لەناو ئەم چینە، "پەرستن" و "پەسندان"ـە. لە بەشێک لە وتارەکەدا جۆرێک لە لێکچوویی ئەم ئایینە نوێباوە لەگەڵ ئایینەکانی تر نیشان دەدات، ئەو کات کە باس لە بەراوردکردنی وێنەگەلی پیاوچاکان و قدیسانی ئایینە جیاجیاکان لەگەڵ وێنەی سەر دراوەکانی تێکڕای وڵاتەکان دەکات، بەڵام جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ ئایینەکانی دی ئەوەیە کە سەرمایەداری هیچ ماکە و توخمێکی ئایینی و باوەڕ - تەوەری تێدا نییە، تەنیا ماکەی "پەسندانی بەرژەوەندی"، بنەمای بڕواپێبوونی ئەم ئایینە نوێیەیە. جیاوازی ئەم ئایینە لەوەدایە کە بە پێچەوانەی ئایینەکانی تر دەرەکی و بەرهەستە و هەموو شتێک واتا و بنەڕەتی ڕەسەنی خۆی لە بیر و بڕوای بەرژەوەندخوازانەدا دەبینێ.

هۆکاری دووەمی لێکچوویی سەرمایەداری و ئایین لەوەدایە کە هەر دوو دەیانەوێت لە دەسەڵاتداری و داسەپێنەرێتی هێزی خۆیان بەردەوام بن. سەرمایەداری سیستمێکە لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی کۆمەڵگا وەستاوە. ئەم سیستمە بە کۆی گشتی بنەما سەرەکییەکانی پابەندە بە مل نەدان بۆ دنیایەکی باشتر کە کۆی چینە کۆمەڵایەتیەکان لێی بەهرەمەند بن، واتە سیستمی سەرمایەداری هیچ کات ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە واز لە دەسەڵاتەکەی بهێنێت و ڕادەستی کۆمەڵانی بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگادا بکات. لە کۆی دەسەڵاتداریێتی سیستمی سەرمایەداریدا، ململانێیەکان لەسەر ئاستی پێشخستنی ئابوورییە بۆ قازانجی زیاتری خودی چینی باڵا دەست. لە دڵی سەرمایەداریدا ئایینێک بوونی هەیە کە هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ چاکسازی و بەختەوەری بوون و ژیانی مرۆڤ ئاراستە ناکات، بەڵکو وێرانی و دارمان و تێکڕووخانی ئەو لە ئەستۆ دەگرێت و شێوازێکی نوێییە لە پەرەپێدان بە نائومێدی.

سیستمی سەرمایەداری ئایینزایەکە کە تێیدا چەشنە جەژنێکی بەردەوام و هەتاهەتایی بوونی هەیە بۆ تەواوی لایەنگران و ڕێڕەوانێک کە بێ ڕاوەستان و پسانەوە و بێ بەزەییانە ئیش دەکەن. لەم ئایینەدا هیچ ڕۆژێکی ئاسایی بوونی نییە، واتە ڕۆژێک نییە کە نەتوانین بڵێین ئەم ڕۆژە پیرۆزە. سیستمی سەرمایەداری وەک سیستمێکی تەڵەکەباز و هەڵفریوێنەر ڕۆژ بە ڕۆژ میکانیزمی نوێ دەدۆزێتەوە بۆ برەودان بە خۆی و مانەوەی وەک سیستمی باڵادەست لە جیهاندا، بۆ ئەمەش بەردەوام کەڵک لە میکانیزمی نوێ وەردەگرێت تا لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگاکانی جیهان زۆرتر کۆیلە بکات، بۆیە لە ناو سیستمی سەرمایەداریدا مرۆڤ ئازاد نییە، بەڵکو تەنیا لەوەدا ئازادە ببێتە کۆیلەی کارکردن بۆ درێژەدان بە ژیان، ئەم جۆرە کارکردنەش نامۆبوونی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە و لەم پرۆسەیەدا مرۆڤ دەکات بە دوژمن و نەیار و کێبەرکێکار و ڕکابەری مرۆڤەکانی دیکە و لێرەوە لەبری پێکەوەژیان، ڕق لە یەکبوون لە ناو ئەم سیستمەدا پێکدێت و هەموان دەبنە چاودێر و سیخوڕ بە سەر ئەوانی دیکەدا. لەم سیستمەدا مرۆڤ دەبێ بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی هەموو هێزی کارەکەی بفرۆشێت، بۆیە لە هەڵبژاردنی پرۆژەکانی ژیان ئازاد نییە؟ هەروەها لە ئەم ئایینە نوێیەدا ئەوەی ژیانی مرۆڤی تووشی نامۆبوونی کرد چیدی خودا و خوداناسی نییە، بەڵکو کارکردن و پرۆسەی کارکردنە. لێرەدا بناغەی ئۆنتۆلۆژیکی سیستمی سەرمایەداریمان بۆ دەردەکەوێت کە بریتییە لەم گوزارەیە کە: "ئەگەر کارت هەبێ، بوونت هەیە". سەرمایەداری ئەو پرۆسە کەڵەکەبووە و ورووژێنەرەیە کە لە کۆنترۆڵی تاکەکان بەدەرە و بە شێوازێکی سەیر تاک پارچە پارچە و لە خۆ نامۆ دەکات. سەرمایەداری ئەوەیە کە زۆربەی ڕۆژە پیرۆزەکان سەرکوت دەکات. هەر ڕۆژەی لە سەرمایەداریدا پیرۆزی خۆی هەیە. لە سیستمی سەرمایەداریدا هەر چی زۆرتر کار بکەین کەمترە، هەر چی زۆرتر بە دەست بێنین و کۆی بکەینەوە بەس نییە. خەسڵەتی سەرمایەداری ئەوەیە کە تێیدا ئاوات و بەختەوەری واتای نییە، گرنگترین کەسەکان ئەوانەن کە ئیش دەکەن، هەروەها هیچ ڕۆژێکی پشوودان واتای نییە و بەم شێوازە سەرمایەداری تەواوی زەرق و بەرقی خۆی نیشانی ئێمە دەدات.

خەسڵەتی سێیەم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگە کە ئەگەرچی ئایینە پیرۆزەکان لە سەر چەمکی تاوان دامەزراون، بەڵام ئایینی نوێی سەرمایەداری لە تاوان دەرباز و هەڵاوارتەمان دەکات، ئەمەش یەکەم ئایینێکە کە تاوان و گوناح لەودا بێ واتایە و هاوتای مانایی نییە، بەڵام دیارە لە لایەکی دیکەوە دەربازبوون لە تاوان بە واتای دۆزینەوەی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی مرۆڤ نییە. ئایینەکانی پێشوو هەستێکی بە تینی تاوانیان لە ناخی مرۆڤەکان دروست دەکرد و دواتر بە قەرەبووکردنەوە و پاککردنەوەی تاوان، واتە کەفارە ئەو هەستەیان هێور دەکردەوە، بەڵام سیستمی سەرمایەداری بە پەرەپێدانی تاوان و ڕێگەپێدان بە ئەنجامدانی تاوانی زۆرتر وەهمی سڕینەوەی تاوانەکان لای مرۆڤ ساز دەکات. خوای سەرمایەداری دێتە ناو سیستمێکەوە کە هەبوونی خۆی لە سەر کۆڵەکەی تاوان دامەزراندووە. لەم ئایینە نوێباوەدا ئەوەی مرۆڤ دەترسێنێ چیدی چەمکگەلی تاوان و دۆزەخ و سزا و بنەمای ئایینەکان نییە، بەڵکو ململانێی بێ ڕەحمی نێوان مرۆڤەکانە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی ڕووت. لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەم ئایینە نوێیە، ناتوانێ بەهای نوێ و جێگیر دامەزرێنێت و هاوکات بەها کۆنەکانیش ناجێگیر دەکات. هەروەها خودای سەرمایەداری لە فۆرمی کاڵا و پێوەندی کاڵا-تەوەردا خۆی نیشان دەدات و دوایین دەرفەت و دەرەتانی مرۆڤ لە سیستمی سەرمایەداریدا بەکاڵابوونییەتی. "کاڵا" بە پێچەوانەی "خودا"، بێ باوەڕی و ناملکەچی و ئاتەییزم قبووڵ ناکات. لە سیستمی سەرمایەداریدا مرۆڤ ناتوانێت بەرانبەر بە کاڵا، هەڵوێستی بێ باوەڕانە و ناملکەچییانە بگرێتەبەر. کاڵا "دەسەڵات" و "سەربەخۆیی" لە مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی ئاگامەند و ئاگا لەخۆ دادەماڵێت. لە کۆتاییدا چوارەمین خەسڵەتی سەرمایەداری ئەوەیە کە خوای ئەو دەبێ شاردراوە بێت و پێدەچێ تەنیا کاتێک بانگی بکەن کە تاوانەکانی بە پەرپەڕۆچکەی خۆی گەیشتبێت.

### ئەنجام

بە خوێندنەوەیەکی وردبینانەی وتاری "سەرمایەداری وەک ئایین" بەم ئەنجامە دەگەین کە بنیامین بە

خوێندنەوەیەکی نوێ دەربارەی سیستمی سەرمایەداری و ناوزەدکردنی وەک ئایینێکی نوێباو، خەسارناسییەک لە سیستمی سەرمایەداریی ئاراستە دەکات کە ئامانجی سەرەکی ئەو ڕەخنە لە دابەزینی ئاستی مرۆڤەکان بە چەشنی ئامێر و کەرەستەی کار، هەروەها بەکاڵابوونیەتی و لەو سۆنگەیەوە ڕوانگەیەکی ڕەخنەئامێزی سەبارەت بە مۆدێرنیتە، بە تایبەتی سەرمایەداریی پێشکەوتوو ئاراستە کردووە. بنیامین لەم وتارەدا بە نەرینێکی ڕەخنەگرانەوە باس لە دەهۆ و تەڵەکەی سیستمی سەرمایەداری دەکات و سەرەتا لێکچوویی و هاوشێوەیی ئەم سیستمە لەگەڵ ئایینەکانی دیکە نیشان دەدات کە بریتییە لە: ئایینزایی بوون، گرنگی مژاری پەرستن و پەسندان، هۆگری بە دەسەڵات و بەردەوامی لەم ڕێبازەدا، هەروەها نادیار بوونی خواوەندەکانیان، پاشان باس لە جیاوازی ئەم ئایینە نوێیە دەکات کە بە پێچەوانەی ئایینەکانی تر بنەمای بڕواپێبوونی لە سەر کۆڵەکەی ماکەی "پەسندانی بەرژەوەندی" دامەزراوە، هەروەها ئەم ئایینە نوێیە دەرەکی و بەرهەستە و هەموو شتێک واتا و بنەڕەتی ڕەسەنی خۆی لە بیر و بڕوای بەرژەوەندخوازانەدا و لە جیهانی بەرهەستدا دەبینێ.

هەروەها لەم ئایینە نوێیەدا، ئەوەی ژیانی مرۆڤی تووشی نامۆبوون کرد، چیدی خودا و خوداناسی نییە، بەڵکو کارکردن و پرۆسەی کارکردنە. هەر لەم سۆنگەیەوە ئەرکی سیستمی سەرمایەداری هێنانەدی جەوهەری کاڵایی و بەکاڵاکردنی مرۆڤە، بە واتایەکی دی گۆڕین و توانەوەی مرۆڤ- ویستییە لەناو کاڵا-ویستیدا، پاشان بنیامین بە بەڵگەهێنانەوەی "تاوان"، تاوان وەک یەکێک لە خەسڵەتە نەرێنییەکانی سیستمی سەرمایەداری وەک ئایینێکی نوێ ناوزەد دەکات. بە نەرینی بنیامین سیستمی سەرمایەداری بە پەرەپێدانی تاوان لە دۆخێکی جیهانگیردا مرۆڤەکان تووشی بێ هیوایی و نائومێدی دەکات، بۆیە بە ڕێگەپێدانیان بە تاوانکردنی زۆرتر، وەهمی سڕینەوەی ئەو تاوانە لای مرۆڤ ساز دەکات. لێرەدا قەرەبووکردنەوە و پاککردنەوەی ئەو تاوانە بە چەشنێک خۆی لە شێوازی دەستبردن بۆ تاوانی زۆرتر و ڕۆچوونی زۆرتر لە بایەخەکانی سیستمی سەرمایەداریدا نیشان دەدات.

**سەرچاوەکان:**


**1-Benjamin, Walter, "Capitalism as religion" in Selected Writings Vol.1, Translated by Rodney Livingstone, (Belknap Harvard Press, 1921, 1996) p.288-291.**

**2- Drake, Alfred J (2009.) New Essays on the Frankfurt School of Critical Theory (Newcastle-upon-Tyne United Kingdom: Cambridge Scholars Publishing.**

**3- Lowy, Michael, "Capitalism as religion: Walter Benjamin and max Weber" in Historical Materialism Vol.17, (Brill, 2009) p.60-73.**

**4- Schlinder, Ronald J (1996), The Frankfurt School Critique of Capitalist Culture: A Critical Theory for Post-democratic Society and Its Re-education, Brookfield, VT: Ashgate.**

**5- Strik, Peter M. R, (2000) Critical Theory Politics and Society: An Introduction, London; New York: Continuum.**